www.kurdistannet.org
29-5-2006 19:48 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لەنەرویج کۆنفرانسی گشتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان سازکرا




بەشی ڕاگەیاندن و چالاکیەکانی ناوەندی نەرویجی یەکێتی لاوانی دیمۆکراتی کوردستان لەژێر درووشمی بالاوان ئازادبن لەکاروو بیرکردنەوەیانداو لەژێر چاودێری ئەنجوومەنی کارگێری یەکێتی لاوانی دیمۆکراتی کوردستان، بەبەشداربوونی ژمارەیەکی بەرچاو لەلاوان لەشاری ئۆسلۆ کۆنفرانسی گشتی ناوەندی نەرویجی یەکێتی لاوانی دیمۆکراتی کوردستان سازدرا.. سەرەتا ووتاری ئەنجوومەنی کارگێری لاوان خوێندرایەوەوتیادا وێرای دەستخۆشی لەماندوو بووانی کۆنفرانس پشتگیری ئەنجوومەنیان ئاراستەی ناوەندی نەرویجی لاوان کرد، هیوایان خواست ئەم ناوەندەببێتەماڵێکی گەورەی لاوان و قووتابخانەیەکی نموونەیی و فێرگەیەکی وانەی نەتەوەیی.. لەپاشاندا لەلایەن تاریق عوسمان سپینداری ووتاری ناوەندی لاوانی نەرویج خوێندرایەوەو ئاماژای بەچەند خاڵێک کردو وەک پە یرەوپرۆگرامی ناوخۆیی.. هەر لەم چوار چێوەیەدا نوێنەری لاوانی پارتی کاری نەرویجی ئەربایدەر پارتی پێشکەش کرد تیادا تیادا پشتگیری خۆیان بۆ بۆ ناوە ندی لاوانی نەرویج دەربڕی.. لەدوایشدا بۆ تاوتۆکردنی تەوەرو باسەکانی نێوو کۆنفرانس لەلایەن بەشدار بووانەوە چەندین بابەت و پێشنیارو وێرای چۆنیەتی ڕیەڕاندنی کارەکان پێشکەشکران، ئەمەو چەند بڕیارێک دەرچوو لەوانە زیاتر هەماهەنگی نێوان ناوەندو تێکرای پارت و و لایەنەکانی کوردی و نەرویجی، بەتایبەتی لاوان و هەروەها کردنەوەی بارەگایەك بۆ بەرەو پێشبردنی کارەکان و وێرای بڕیاردان بۆ کردنەوەی چەندین خولی وەرزشی وهونەری و فێربوونی ئامێری کۆمپیوتەر بۆ لاوانی کورد لەم وولاتەدا، هەر بەم بۆنەیەوەچەندین بروسکەی پیرۆزبایی خوێندرانەوەلەوانەئەنجوومەنی کارگێری لاوان لەکوردستان، برووسکەی رەفعەت تاهامیرانی کارگێری لێژنەی ناوچەی پارتی و دواجاریش بروسکەی لاوانی ئەربایدەپارتی.. لەکۆتایشدا لەکەش و هەوایەکی ئازادو دیمۆکراتیدا هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنی کارەکان دەستنیشان کرا و بەزۆرینەی دەنگەکان ئەمانەی خوارەوەسەرکەوتنیان بەدەست هێنا.. تاریق عوسمان سپینداری و هێلان قاسم بامرنی و سیروان فەتاح و کاروان عەلی شێخکێ و ئەرشد گولی.